بنیامین ناتانیاهو سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات

دوای ئەنجامدانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵ بنیامین ناتانیاهو، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند: "پێم وایە ناتانیاهو لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی وڵاتەکەمان دەکات"، ڕاشیگەیاندووە: "لەوانەیە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل هەفتەی داهاتوو سەردانەکەی بۆ ئەمریکا ئەنجام بدات".

شایەنی باسە، لەو کاتەی دۆناڵد ترەمپ لە 20ـی کانوونی دووەمی ڕابردوو وەک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستبەکاربووە، ئەمە دووەمجارە کە بنیامین ناتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل سەردانی ئەمریکا دەکات.